زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر

كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی باخچەی منداڵان

قۆناغی یەكەم/كۆرسی دووەم

# دەروونزانی گشتی



ئامادەكردنی :م . ی .خیلان أبوبكر محمود

٢٠٢٣– ٢٠٢٤

## مێژوو و پێشکەوتنی دەروونزانی گشتی:

تێگەیشتن لە بابەتە دەروونیەکان بەشێوەیەکی گشتی دابەشی سەر دوو لایەنی سەرەکی بووە(لایەنی ماددی و لایەنی رۆحی)،( خەوبینین و لە دەستدانی ئاگایی تا دەگات بە مردن بە لایەنی رۆحی و لە ژێر کاریگەری گۆرانی ژینگە و هێزی کاریگەری گەردوون(خودا) یا هێزی ئاسمانی وێناکراون. واتا رۆح بە هەڵسوڕێنەری جەستە و رەفتار و چالاکیەکانی مرۆڤ ناسێنراوە) .

(دەروون، رۆح، ئەقڵ) ئەو دەستەواژانەن کە تێگەیشتن و خوێندنەوەی هاوبەشیان بۆ کراوە لە کۆندا، واتا هەر یەکەیان لەبری ئەویتر شیکراوەتەوە. ئەمە لە بۆچوون و لێکۆڵینەوەی فەیلەسوفان و بیرمەندان رەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە:

### - سوقرات ٣٩٩-٤٧٠ پ.ز:

وتی"خۆت بناسە "بە بۆچوونی سوقرات هەقیقەت لە خودی مرۆڤ خۆیدایە، پێویستە بدۆزرێتەوە. ئەوەی حەز بە دۆزینەوەی هەقیقەت بکات پێویستە رووبەرووی خۆی ببێتەوە و زاڵبێ بەسەر سروشتی (دەروون) خۆی کە لە ململانێی نێوان هەردوو هێزی ئەقڵ و هێزی ئارەزوو دایە.

### - ئەفلاتوون ٣٤٧-٤٢٧ پ.ز:

سروشتی(دەروون) مرۆڤی کردە سی بەشی سەرەکی :(دەروونی ئەقڵی)، (دەروونی شەڕانی)، (دەروونی ئارەزوو) .ئەفلاتوون پێیوابوو لەبەر ئەوەی شوێنی ئەقڵ سەری جەستەیە و لەبەرزیدایە و نزیکترە لە ئاسمان! واتا دەروونی ئەقڵ بالآترینە لە سروشتی مرۆڤدا. هەروەها شوێنی دەروونی شەڕانی و تورەیی بە دڵ و شوێنی دەروونی ئارەزووی بە ورگ(زگ)دیاریکرد . وتی؛ "دەروون کەشتیوان و جەستە کەشتیە لە ناو شەپۆلەکاندا "بۆ گەیشتن بە ئامانج پێویستە کەشتیوان بەشێوەیکی ئاقڵانە سەرکردایەتی هەردوو بەشی شەڕانی و ئارەزووەکان بکات.

### - ئەرستۆ ٣٢٢-٣٨٤ پ.ز:

کە بە مامۆستای یەکەم دادەنرێ لە مێژووی فەلسەفەی زانستدا، وتی؛"دەروون بریتیە لە تەواوکاری یەکەم بۆ جەستەیێکی سروشتی بەهێز "مەبەست لە تەواوکاری دەروون بۆ مرۆڤ و جەستەی سروشتی، واتا جەستەیێکی رێکی پڕ وزە و جوڵە بەهێزەکەی توانای نواندنی رەفتار و چالاکی گونجاو و جۆراوجۆری هەیە. ئەرستۆ لە کتێبەکەی(دەروون -نەفس) دەروونی مرۆڤی کردە سێ بەشی سەرەکی:

١- دەروونی ڕووەکی: بنەمای ژیان و خۆراک و گەشەیە، هاوبەشە لە نێوان ڕووەک و ئاژەڵ و مرۆڤ.

٢- دەروونی ئاژەڵی: ئەرکی جوڵە و هەستەکانە لەڕێگای هەستەوەرەکان، هاوبەشە لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ.

٣- دەروونی ئەقڵی: ئەرکی بیرکردنەوە و تێڕامانە، تەنها تایبەتە بە مرۆڤ.

**فەیلەسوف و زانا موسڵمانەکانیش باسیان لە (دەروون-ڕۆح-ئەقڵ)کردووە و بۆچوونی تایبەتی خۆیان لە ژێرکاریگەری و هەڵێنجانی دەقتەکان دەربڕیوە،لەوانە:**

**- فاڕابی ٨٢٧-٩٥٠ز:**

لە مێژووی فەلسەفەی زانست بە مامۆستای دووەم دادەنرێ دوای ئەرستۆ، لە کتێبی(مەدینە فازیلە) دەروونی مرۆڤی کردۆتە چوار بەشی سەرەکی:

١- هێزی خۆراکی: ئەو هێزەیە کە خۆراک دەدات بە مرۆڤ، شوێنی سەرەکی دڵە و لە شوێنیتری جەستەش هەیە وەکو جگەر، گەدە، گورچیلە و سپڵ.

٢- هێزی هەستی: دەرککردن و ئاگایی دەگرێتەوە لە ڕێگای پێنج هەستە سەرەکیەکەوە.

٣-هێزی خەیاڵ :وێنای دەروونە لە دوای نەمانی کاریگەری پێنج هەستەکە و ئاگایی واقیعی، وەک خەیاڵ بۆ ڕابردوو و خەیاڵ بۆ داهاتوو.

٤-هێزی مەنتیق :بریتیە لە ئەقڵ کە تایبەتە بە مرۆڤ و بەهۆیەوە جیاوازی دەکات لە نێوان جوان-ناشیرین، پاکی-بەها و هتد. هێزی مەنتیق دابەشی سەر سێ تەوەر دەبێ:

١-تیۆری:مەعریفە و لایەنی زانستی دەگرێتەوە.

٢-کرداری: پیشە و کارزانی و تواناکان دەگرێتەوە.

٤- ناکۆکی: واتا ململانێی دەروونی خودی مرۆڤ لە ئەنجامدانی کارێک و پەشیمان بوونەوە. وەک ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستی و هەڵاتن لە دەست ڕاستی ژیان.

- **ئیبن سینا٩٨٠-١٠٣٦ ز:**

دیارترین فەیلەسوفی ئیسلامیە لە سەدەکانی ناوەڕاست، کتێب و نوسراوی زۆری هەیە لەوانە کتێبی بەناوبانگی(دەروون-نفس) دەڵێ دەروون گەوهەری ڕۆحە، جوڵێنەری بەشەکانی جەستەیە .لە تیۆرەکەی ئیبن سینا دەروون دەبێتە سێ بەش کە نزیکە لە دابەشکاری ئەرستۆ بۆ دەروون، ئەوانیش:-

١- هێزی هاوبەشی نێوان مرۆڤ، ئاژەڵ و ڕووک :واتا دەروونی ڕووەکی کە تایبەتە بە( خۆراک و وزە، گەشەکردن، لەدایکبوون و زیادبوون).

٢- هێزی هاوبەشی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ :دەروونی ئاژەڵی تەنها جوڵە و هەستەکان دەگرێتەوە بە هۆی بوونی هەستەوەرەکانەوە.

٣- هێزی تایبەتی مرۆڤ :بریتیە لە دەروونی ئەقڵی-مەعریفی کە تایبەتە بە مرۆڤ و لەلای ئاژەڵ و ڕووەک بوونی نیە . پێکدێت لە ئەقڵی کرداری کە تایبەتە بە کاروباری ژیانی ڕۆژانە. ئەقڵی تیۆری کە بەهێزی زانایی و درککردنی مرۆڤ بۆ زانیاری دایناوە.

- **جۆن لۆک١٦٣٢-١٧٠٤ز:**

فەیلەسوفێکی ئینگلیزییە، ئەو پێوایە"کاتێک مرۆڤ لەدایک دەبێت، ئەقڵی وەک پەڕێکی سپییە و گشت زانیاریەکان و نواندنی ڕەفتاری لەڕێگای شارەزایی و کارلێکە کە دەبنە هۆی بیرکردنەوە، ئەمەش لەڕێگای هەستەوەرەکانەوە ڕوودەدات."

- **ولیەم ڤۆنت ١٨٣٢-١٩٢٠ز :**

وەک دامەزرێنەری زانستی دەروونزانی دادەنرێ .چونکە یەکەم تاقیگەی تایبەت بە دەروونزانی لە مێژوودا ئەو داینا لە زانکۆی( لایبزگ) - لە ئەڵمانیا. لە تاقیگەکەی کاری لەسەر پێوانەکردنی هەستەوەرکان و ماوەی وەڵامدانەوەی مرۆڤ بۆ وروژێنەرەکان دەکرد، کاری لەسەر درککردنی تاک دەکرد بۆ وروژێنەر و ڕووداوەکانی ژینگەکەی لە ڕێگای سەرنجدانەوە.

## چەمک و پێناسەی دەروونزانی

Psychology زاراوەیێکی لاتینیە لە هەردوو وشەی (-psycho دەروون و وشەی-Logy زانست) پێکهاتووە، واتا زانستی دەروون یا دەرونزانی دەکۆڵێتەوە لە ڕەفتار و خو-ڕەوشتەکانی مرۆڤ بە مەبەستی تێگەیشتن و بەدەستهێنانی گونجان لە نێوان تاک و ژینگەکەی.

دەروونزانی :بریتیە لەو زانستەی دەکۆڵێتەوە لە ڕەفتاری مرۆڤ و چۆنیەتی گونجانی تاک لەگەڵ ژینگەکەی.

دەروونزانی :زانستێکە بە شێوازێکی ڕێکخراو دەکۆڵێتەوە لە چۆنیەتی ڕوودانی ڕەفتاری مرۆڤ و پێشبینیکردنی لەڕێگای وروژان و وەڵامدانەوەکانی خودی مرۆڤەوە.

## ئامانجەکانی دەروونزانی:

### ١- تێگەیشتن:

بریتییە لەتێگەیشتنی دیاردە دەروونییەکان، ئەویش لەڕێگای وەڵامدانەوەی هەردوو پرسیاری (چۆن) و (بۆچی) ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتە دەبێت؟

بۆ هێنانە دی ئەم ئامانجە پێویستە دەروونزانی پەنا بۆهەردوو پرۆسەی وەسفکردن و لێکدانەوەو ڕاڤەکردن ببات.

### ٢-پێشبینیکردن :

بریتییە لەپێشبینی کردنی ڕوودان و دووبارە بوونەوەی دیاردە دەروونییەکان، ئەویش لەڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان (کەی) و (چی).

### ٣ -کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون :

بریتییە لەکۆنترۆڵکردنی دیاردە دەروونییەکان و زاڵبوون بەسەریانداو بەکارهێنانیان بۆخزمەتی مرۆڤایەتی.

## گرنگی دەروونزانی و بوارەکانی (لقەکانی دەروونزانی):

دەروونزانی گرنگییەکی زۆری هەیە لە ژیاندا، چونکە هەرچ بوارێک مرۆڤی لێبێت دەروونزانیش لەو بوارەدا گرنگە، وە پێشکەوتنی کۆمەڵ و شارستانیەت پەیوەستە بە دوو هۆکارەوە یەکەمیان مادی و دووەمیان مرۆیی، بێگومان مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی لەم پێشکەوتنە دەبینێت، دەروونزانیش توێژینەوە لەسەر ڕەوشت و بیر و هۆش و ئاکار و هەڵچوونی مرۆڤ دەکات و هەوڵی پێشختن و گەشەپێکردنیان دەدات.

### بوارەکانی دەروونزانیش (لقەکان) دەکرێن بەدوو بەشی سەرەکیەوە :

**یەکەم: بواری تیۆری:** توێژینەوە لەسەر دیاردە دەروونییەکان دەکات و مەبەستی دۆزینەوەی تیۆر و دانانی بیردۆز و قوتابخانەی دەروونییە.

ئەم لقانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- دەروونزانی گشتی: ئەم بوارە توێژینەوە لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەوشتی مرۆڤی کاملی ئاسایی دەکات بەمەبەستی دانان و دۆزینەوەی یاساو (پرانسیپی) تیۆری گشتی بۆ زانینی کۆمەڵێک بابەتی وەک (پاڵنەر، هەڵچوون، زیرەکی، یادکردنەوە، بیرکردنەوە، فێربوون، کەسایەتی) تاک بە شێوەیەکی گشتی. ئەم بوارە بەبنچینەی سەرجەم بوارەکانی تر دادەنرێت.

٢- دەروونزانی فسیۆلۆژی: گرنگی بە توێژینەوەی بنەما و لایەنی فسیۆلۆژی ڕەوشتی مرۆڤ دەدات.

٣- دەروونزانی ئاژەڵی: توێژینەوە لەسەر ڕەوشتی ئاژەڵ دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات بزانێت ئاژەڵ زمانی هەیە، توانای فێربوونی هەیە، بیردەکاتەوە، تووڕەدەبێت..... هتد.

٤- دەروونزانی گەشەکردن: توێژینەوە لەسەر گەشەکردنی مرۆڤ دەکات بە مەبەستی زانینی سەرجەم ئەو قۆناغانەی کە تاک پیایدا تێدەپەڕێت. هەروەها زانینی خاسیەت و سیفاتی هەریەک لەو قۆناغانە و دەست نیشانکردنی گرفت و چارەسەریەکانی.

٥- دەروونزانی جیاوازی تاکایەتی: باسی ئەو جیاوازیانە دەکات کە لە نێوان مرۆڤ و هاوەڵەکانیدا یان لە نێوان تاکەکانی دووکۆمەڵ یان دوو گەل، یان دوو هەرێمدا هەیە.

٦-دەروونزانی نەخۆشی: گرنگی بە هۆکارو پاڵنەری نەخۆشیە دەروونی و ژیرییەکان دەدات.

٧- دەروونزانی کۆمەڵایەتی: لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ دەکات وەهەروەها کار لەسەر دەرخستنی کاریگەری کۆمەڵ لەسەر تاک و تاک لەسەر کۆمەڵ و پەیوەندی کۆمەڵ بە کۆمەڵ دەکات.

دووەم: بواری پراکتیکی: تایبەتە بەپراکتیزەکردنی تیۆرو زانست و بیردۆزەکانی دەروونزانی لەبوارە جیاجیاکاندا. ئەم بوارەنەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- دەروونزانی پەروەردەیی: توێژینەوە لەپڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن و شێوازەکانی پەرەپێدانیان و کاریگەری ئەو پڕۆسەیە لەسەر قوتابیان دەکات. هەروەها چۆنیەتی دانانی پرۆگرامی گونجاو و پیادەکردنی سەرکەوتووترین شێوازی وانەتنەوەو پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی و بەکارهێنانی هاندان و پاداشت و سزا لە پرۆسەی خوێندندا.

٢- دەروونزانی پیشەسازی: هەوڵی پەرەپێدانی بەرهەمی پیشەسازی دەدات لەڕێگای پراکتیکردنی پڕانسیپەکانی دەروونزانییەوە.

٣- دەروونزانی بازرگانی: توێژینەوە لەسەر بەرهەمهێنانی باشترین کەل و پەل دەکات کە کڕیار پێویستی پێیەتی.

٤- دەروونزانی تاوانکاری: توێژینەوە لەسەر چۆنییەتی چارەسەرکردنی تاوانباران و زانیاری وەرگرتن و دان پیانانیان دەکات. هەروەها زانینی باری دەروونی تاوانبار و چارەسەرکردنیان دوای گرتن و دادگاییکردنیان.

٥- دەروونزانی سەربازی: توێژینەوە لەسەر باری دەروونی و وورە و پاڵنەر و پێداویستی گرفتەکانی سەربازو سەرکردەکانیان دەکات لەڕێگەی شەڕی دەروونی پڕوپاگەندەو هەوڵی ڕووخانی ورەی دوژمنان.... هتد.

٦- دەروونزانی ئەکلینیکی: گرنگی بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆشیە دەروونی و ژیرییەکان و هۆکاری تێکچوون و لێکترازانی کەسایەتی مرۆڤ دەدات.

٧- دەروونزانی ئەزموونگەری: گرنگی بەتوێژینەوەی ڕەفتارو هەڵسوکەووتی تاکەکان بەڕێگەی تاقیگەیی دەدات.